# بەرەی کوردستانی لەبیرەوەری ئازاد مستەفادا

## (لێکۆڵینەوەیەکی بە راوردکاریە)

**زانا فەقێ محەممەد**

بەشی مێژوو، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** یاداشت و بیرەوەری بە یەکێك لە گرنتگرین سەرچاوەکان دادەنرێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەی زانستی لە بواری مێژوودا، بەتایبەتی ئەوانەی لە لایەن کەسانی نزیك لە ڕووداوەکانەوە نوسرابێت، مەبەست لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ئەو ڕاستییە مێژووییە سەبارەت بە دەرکەوتنی بیرۆکەی بەرەی کوردستانی، ئازاد مستەفا وەك کەسی یەکەمی پاسۆك لە نێوان ساڵانی 1975-1988 زۆرێك لە ڕووداوەکان یاداشت کردووە، یەکێك لەو ڕووداوانە (دامەزراندنی بەرەی کوردستانی)بووە، ئەم ڕووداوە هەتا ئێستا لە لایەن توێژران و نوسەرانەوە بە جیاواز باسی لێوە کراوە، هەربۆیە ئەم توێژینەوەی ئێمە، بە ناونیشانی (بەرەی کوردستانی لە بیرەوەری ئازاد مستەفا) لە پێشەکییەك و دووباسی سەرەخۆ و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پاشکۆی بەڵگەنامەکان پێکهاتووە. لە باسی یەکەم بە ناونیشانی (ژیاننامەی ئازاد مستەفا و ناساندنی پەرتووکی بەرەی کوردستانی)، ژیانی ڕوشنبیری و سیاسی ئازاد مستەفا باسکراوە، وێرای ئەوەی لەم باسەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی پوخت هەوڵەکان بۆ سەرهەڵدانی بەرەی کوردستانی بخرێتە ڕوو، هەر چی باسی دووەمە بە ناونیشانی (بەرەی کوردستانی لە بیرەوەری ئازاد مستەفا)دا، باسمان لە بیرۆکەی سەرهەڵدانی بەرەی کوردستانی کردووە، ئەمەش بە بەراوردکردنی بە چەندین سەرچاوەی تر کە قسەیان لە سەر بەرەی کوردستانی کردووە.

**کلیلەوشەکان:** - ئازاد مستەفا، کاژیك، پاسۆك، جوقد، جود، بەرەی کوردستانی.

### پێشەکی:

یاداشت و بیرەوەری، بەیەکێك لەگرنگترین سەرچاوەکانی مێژووی هەر میللەتێك دادەنرێ، جێگای بایەخن بۆ تێگەیشتن لەو بارودۆخەی تێیدا نوسراون، هەوێنێکی گرنگە بۆ سەردەمانی دوای خۆیان، هەر چەندە نەتەوەی کورد، کەمتر بایەخی بەمێژوو و نوسینەوەی یاداشتەکانی داوە لەقۆناغەکانی مێژووسەدەکانی ناوەند و نوێ، بەڵام لە قۆناغی هاوچەرخدا، ئەم بابەتە گرنگی زۆری پێدراوە، بەتایبەتی لەلایەن سیاسییەکانەوە لەباشووری کوردستان، بەدیاریکراوی لە دوای شۆڕشی نوێ دەستپێکرد بەنوسینەوەی یاداشت و بیرەوەری و ڕووداوەکانی رابردوو، هەر چەندە نوسینی یاداشت و بیرەوەرییەکان بەدر نەبوون لە کەم و کورتی و لایەنگری و نوسینەوەی بەشێوەی بەرژەوەندی خوازانە، بەڵام سەرچاوەیەکی باشن بۆ شیکردنەوە و پشت بەستن پێیان لەئەنجامدانی توێژینەوەکان لەئێستادا. یەکێك لەو سەرکردانەی بایەخی بە نوسینەوە یاداشت داوە (ئازاد مستەفا) بوو، بە تایبەتی لە سەر هەوڵەکان و چۆنێتی دروست بوونی بەرەی کوردستانی، کە بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی هاوچەرخی کورد، هەربۆیە ناوبراو یاداشتەکانی سەبارەت بە بەرەی کوردستانی لە پەرتوکێك بە ناوی (بەرەی کوردستانی) کۆکردوەتەوە، جیاوازتر لە یاداشت و بیرەوەریی سەرکردە سیاسیەکانی سەبارەت بە بەرەی کوردستانی زانیارییەکانی تۆمار کردووە. ئەمەش بۆ ئێمە بایەخی خۆی هەبووە، جێگای تێرامان و توێژینەوە بوو.

### هۆکار و گرنکیی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هۆکار و گرنکی و بایەخی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، (بەرەی کوردستانی)، تا ئێستایش لەگەڵدا بێت، قسە و باسیلێکراوە، لەچەندین پەرتووکی یاداشت و بیرەوەری و ڕووداوەکان باسکراوە، لەقۆناغەکانی دواتردا، واتا زۆرێك لەبیرەوەرییەکان، کە باسیان لەبەرەی کوردستانی کردووە، بەڵام ئازاد مستەفا لەکاتی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، یاداشتەکانی نوسیوە، ئەمەش بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، چونکە نوسەر لەگەڵ کاتی ڕوودانی پرسەکە نوسیویێتی، هاوکاتی ڕووداوەکە بووە . هەربۆیە هەڵمانداوە بە پشتبەستن بە ناساندنی پەرتووکی ناوبراو و سەرچاوەکانی تر توێژینەوەیەك دەربارەی بە ئەنجام بگەیەنین.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە توێژینەوە لە بارەی (بەرەی کوردستانی لەبیرەوەری ئازاد مستەفا) لە پلەی یەکەمدا بۆ خستنە ڕووی مێژووی بیرۆکەی (بەرەی کوردستانی) لەباشووری کوردستان بەراوردکردنێتی بە سەرچاوەکانی تر، هەروەها بابەتە گرنگەکانی سەبارەت بە هەوڵەکان و پێشنیارکردن هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بەرەی کوردستانی لە قۆناغە جیاجیاکاندا خراوەتە بەر باس، هەروەها لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەڵوێستی لایەنەکان سەبارەت بە پڕۆژەی بەرەی کوردستانی خراوەتە ڕوو، لەلایەکی ترەوە باس لەدامەزراندنی بەرەی کوردستانی کراوە بەشێوەی کرداری، ئەمەش بە پشت بەستن بە پەرتووکی (بەرەی کوردستان)و سەرچاوەکانی تر بووە.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو باس، باسی یەکەمی توێژینەوەکە بۆ باسکردن لە ژیانی (ئازاد مستەفا) تەرخان کراوە، ناساندنی پەرتووکی بەرەی کوردستانی، کە نوسەر باس لە مێژووی دەرکەوتنی بیرۆکەی بەرەی کوردستانی کردووە. باسی سێیەم، تەرخانکراوە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 2(2025) ؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n2y2025.pp123-134
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 19 كانون الاول 2024؛ قُبل في 2 شباط 2025؛ نُشرت في 27 ايار 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: zana.faqe@garmian.edu.krd
حقوق الطبع والنشر ©2025 زانا فەقێ محەممەد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بۆ باسکردن لەبەرەی کوردستانی، بە پشتبەستن و خوێندنەوەی پەرتووکی بەرەی کوردستانی لەنوسینی ئازاد مستەفا.

### میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەو میتۆد و ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێ بەستراوە، بریتییە لە میتۆدی (وەسفی/ شیکارییە)، لەسەر بنچینەی هەڵهێنجان سەرچاوەی گرتووە. بۆ توێژینەوە لەسەر (بەرەی کوردستانی) پشتمان بە بیرەوەری ئازاد مستەفا بەستووە، کە لەپەرتووکێك بەناوی (بەرەی کوردستان) باسی لێوەکردووە، سەرەڕای بەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی تر لەشێوەی بیرەوەری و پەرتوك و نامەی زانکۆیی، هەوڵدراوە بێلایەنانە و دوور لە هەر کاریگەرییەك، ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زانستییانە و کورت و پووخت لێکدەینەوە و بۆچوونی خۆمان دەربارەیان بخەینەڕوو.

### گرنگترین سەرچاوە بەکارهاتووە بەپێزەکانی توێژینەوەکە:

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان سەرچاوەی سەرەکی پەرتووکی (بەرەی کوردستانی)بووە، بەخوێندنەوەمان بۆ ئەم پەرتووکە، بەمەبەستی بەراوردکاریی و شیکاریی ناوەڕۆکی پەرتووکەکە، چەندین سەرچاوەی ترمان بەکارهێناوە، سوودمان لە سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگرتووە، هەندێك لەو سەرچاوانە بریتین لە نامە و بەڵگەنامە، ئەمانەش بایەخێکی گرنگی خۆیان هەیە.

بەشێکی تر لەو سەرچاوانەی سوودمان لێ وەرگرتوون و زانیاریی زۆریان تێدایە، بریتییە لە یاداشتی کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە، کە تێیدا ژیاون و ڕووداوەکانیان تۆمار کردووە و نووسیوەتەوە0لەوانە ( ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەرییەکان؛ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل: ڕۆژانی سەخت؛ ئیبراهیم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە؛ پشکۆ نەجمەدین: دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان؛ مەحموود سەنگاویی: بیرەوەرییەکانی سەنگاوی؛ محمد شاکەلی: لە بزووتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان 1976 – 1993؛ نەوشێروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن؛ نەوشێروان مستەفا ئەمین: خوولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی (1984–1988) ئەگەرچی بەشێوازێکی لایەنگیرانە نووسراونەتەوە و کەمترین مەرجی زانستییان تێدایە، بەڵام سوودی زۆری بۆ توێژینەوەکەمان هەبووە، چونکە وەك سەرچاوەی گرنگ بۆ میتۆدی توێژینەوەکان بەکارهێنراوە. گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان جۆرێکی تری ئەو سەرچاوانە بوون، کە بۆ توێژینەوەکەمان سوودی لێ وەرگیراوە، جۆرێکی تر لەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێ وەگیراوە، لایەنی زانستی تێدا ڕەچاو کراوە، بریتی بووە لەو پەرتووکانەی بەشێوەیەکی گشتی زانیاریی هەمەلایەنی دەربارەی دۆخی سیاسیی باشووری کوردستانی تێدا بووە، کارنامەی ئەکادیمییەکان (ماستەر)، جۆرێکی تری ئەو سەرچاوانە بوون، کە زانیارییان لێ وەرگیراوە، بۆ یەکلاکردنەوەی زۆرێك لە پرسەکانی توێژینەوەکانمان بەکارهێنراوە. جا تێزە بڵاوکراوەکان بووبێت یان بڵاونەکراوەکان تریش، کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ناویان هاتووە.

## باسی یەکەم:
## ژیاننامەی (ئازاد مستەفا) و ناساندنی پەرتووکی (بەرەی کوردستانی)

### یەکەم: ژیاننامەی (ئازاد مستەفا).

محەممەد مستەفا محیەدین ناسراوە بە (ئازاد مستەفا)، لە ساڵی (1948) لە گوندی (بارزان) لەدایکبووە، پەیمانگای تەندروستی باڵای تەواو کردووە، لە ساڵی (1961) بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کاتی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە مەلا مستەفا بارزانی، دەبێتە لایەنگری باڵی مەکتەبی سیاسی و لە (31/تشرینی یەکەم/1971) دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی (کاژیك[1])، دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی (گەنجی ناو کاژیك[2])دەبێتە ئەندامی کارای ئەو بزوتنەوەیە. ئازاد مستەفا بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە، بەڵام پاش هەرەسهێنانی لە (11/ئەیلولی/1975)، لەگەڵ شێرزاد فاتیح و فەرهاد عەبدوڵقادر، لە شاری کەرکوك پارتی سۆشیالستی کورد-پاسۆك[3] یان دامەزراند. لە ساڵی (1977) وەك کەسی یەکەمی (پاسۆك) بیرۆکەی دروستکردنی بەرەیەکی پێشکەش بە (کۆمەڵە) کرد، بەڵام بە هۆی ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە دەستگیر کرا، پاشان لە ساڵی 1979 بەر لێبوردنی گشتی کەوت و ئازادکرا. ئازاد مستەفا لە (21/ئازار/1980) کەسی یەکەمی پاسۆك بوو، بە جۆرێك زۆربەی کارەکانی پاسۆکی جێبەجێ کردووە و بەرنامەی حیزبەکە دادەڕژێت. جیا لە نووسینە حیزبی و سیاسییەکانی، لە بڵاوکراوەکانی وەك (ئاڵای سوری کوردایەتی، ڕێی سەربەخۆ) کە زۆربەیان لە بارەی بیری نەتەوایەتییەوە بووە بابەتی بڵاوکردوەتەوە (فەقێ، 2018، ل50_70). چەند کتێبێکی وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردیی، هەندێك شیعریشی لەماوەی ژیانیدا نوسیوە(مستەفا ، 2021/1/25، پەیوەندی تەلەفۆنی) ئازاد مستەفا بە هۆی نەخوشیی شێرپەنجەوە لە ساڵی (1987) کوردستان بەجێهێشت و ڕویشتە ئەوروپا ، پاش دوو ساڵ ململانێ لەگەڵ نەخۆشیی لە (19/ئازار/1989) وڵاتی سوید کۆچی دوای کردووە(فەقێ، 2018، ل65).

### دووەم: ناساندنی پەرتووکی (بەرەی کوردستانی):

ئەم پەرتووکە لە ساڵی 1988 لە لایەن(ئازاد مستەفا)نوسراوە، ناوبراو لەباشووری کوردستان کارئەکتەرێکی گرنگی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردبووە ، بەتایبەتی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، بەیەکێك لەدامەزێنەرەکانی (پارتی سوسیالستی کورد_ پاسۆك) دادەنرێت لە 11/ئەیلولی/1975 لەشاری کەرکووك، بۆیە بەوردی ئاگاداری ڕووداوە سیاسیەکان بووە لەوماوەیەدا، ئەم پەرتووکە لەگەڵ دروستبوونی بەرەی کوردستانی نوسراوە،بەقەبارەیەکی مامناوەمد لە112لاپەڕە پێکهاتووە،بەشێوەی ڕێکخستنی رووداوەکان قسەی لەسەر بابەتەکان کردووە، بەشێوەیەکی گشتی ناوەخنی ئەم پەرتووکە پێکهاتووە لەم باسانە:_

**یەکەم:** لە یەکەم بابەتدا، نوسەر تیشکی خستوەتە سەر گرنگی و پێوویستی بەرە، کە ببێتە هۆکاری کۆکردنەوەی سەرجەم هێزو پارت و ڕێکخراوەکان لەو دەمەدا گرنگە، کە بەمانای فراوانی و کۆبوونەوە و یەکخستنی هێزو توانای چەند لایەنێکە لەسەر بەرنامەیەکی دیاری بۆ ئامانجێکی گشتی هاوبەشی دیارکراو. هەر لەم باسەدا هۆکاری هەرەسی شۆڕشی ئەیلول دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازی نێوان پارتەکانی ئەو کاتە بەتایبەتی (پدك، باڵی لێژنەی مەرکەزی/حشع، کاژیك)، کە نەیانتوانیووە لەبەرەیەکی یەکگرتووە یەکبگرن و توانا و هێزەکانیان یەکبخەن، وێڕای ئەوەی باسی لەهەوڵەکانی (کاژیك) کردووە لە سەرەتای کانوونی دووەمی 1975 بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو پێشنیاری بۆ (پ.د.ك، باڵی لێژنەی مەرکەزی/حشع) کردووە، هەوڵەکانیان سەرینەگرتووە، بەرئەنجامی ئامادەنەبوونی حیزبەکانی تر، هەندێك هۆکاری دەخاتە بەرباس، لەسەر نەگرتنی هەوڵەکانی کاژیك کەهۆکاربوون، باس لە چوار ئاراستەی جیاوازی فکری کردووە لەنێو شۆڕشی ئەیلولدا، کە ئەوانیش بریتیبوون لە (ئاڕاستەی مارکسی _لینینی کوردستان، ئاراستەی نیشتیمانی، ئاراستەی بیری نەتەوەیی، ئاراستەی نیشتیمانی دیموکراتی).

**دووەم:** لەبەباەتی دووەمدا، نوسەر باسی لەبەرەی کوردستانی کردووە، پانتایەکی بەرفراونی بۆ تەرخانکردووە، بەجۆرێك تیکشکی خستوتە سەر چەندین پرس و بابەتی گرنگ، کە گرنگترینینان ئەمانە بوون:ــ

1 / هەوڵەکانی پاسۆك لەساڵی 1976، پرۆژەی دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی لەژێر ناوی( بەرەی یەکگرتووی هاوتای یەکسان) خستووەتە بەر دەم حیزب و لایەنەکان، باسیان لەوە کردووە بۆ (هاوتا و یەکسان)، بەمەبستی رەتکردنەوەی (پێشرەی و پاشرەوی و پێشەنگ و پاشکۆ)، لەم بارەیەوە نوسراوە: لەبەر پتر لەهۆیەك هیچ رێکخراو و(پارت)ێکی سیاسی یا هیچ بیرو ئیتیجاهێکی فیکری تا ئێستا بەکردار نەیتوانیوە ببێتە پێشرەوی سیاسی و فیکری کورد ، هەریەکە لای خۆیەوە خزمەتێکی بە میللەت کردووە ولەهەمان کاتیشدا زیانیشی پێ گەیاندوە . بارو زروفی کوردستان لەبارنەبووە کە بیرە سیاسی و فەلسەفییەکانی ئەم سەردەمە لە (جەو)ێکی صحی وبێ بەربەستا نەش و نما بکەن و بەرهەمی بیرو کاریان پێشکەش بەجەماوەر بکەن . لەهاوینی 1976 دا نوێنەرانی پاسۆك دووجاران لەشاری سلێمانی بەنوێنەرانی ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) و ( کۆمەڵەی مارکسی ــ لینینی ) گەیشتن و لەسەرگەلاڵەی بەرنامەی (بەرەی یەکگرتووی کوردستانی ) کەوتنە گفت وگۆ ، هەرلەوکاتەدا لەگەڵ نوێنەرێکی ( بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ) باس وخواست کراوەو دەقی پرۆژە گەلاڵە کراوەکە خراوەتە بەردەستی نوێنەرانی ( قیادەی مۆقەتی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق ) لەناوچەی شاربازێڕ. بەڵام هیچی لێ شین نەبووەو کەس نەهاتە پێشەوە .ئیتر دوای دروستبونی دەستە چەکداریەکان و بەرە بەرە بازوو ئەستور بونەوەی هێزی بەرگریی و پێشمەرگایەتی وپەڵەو هەڵپەی هەموان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دوای هەرەس، ودیسانەوە گەشانەوەی ناکۆکی کۆن وچەندین پێکداکەوتن و دەست چوونە گیانی یەکدی و (بەداخەوە) گەڕە لاوژێی ئەو رۆژانە ، نەك هەر پرس و باسی (بەرە) پێچرایەوە بەڵکو ئاستی هەرەکەم و دامێنی هاوکاریش لەگەڵ یەکدیدا رێی پەیدا بوونی نەما . لەبری (یەکێتی )و (یەکگرتن ) و(یەکخستنی ) هێزەکانی کوردایەتی لە (بەرە) یەکدا زمانی ئاگری شەڕی براکوژی و جیهادی ناموقەدەسی یەکدی بڕینەوە بووە سیمای هەرە دیاریی شۆڕشە نوێیەکەمان. لەبری بەرەی کوردستانی دوو بەرەی دژ بەیەك دروستبوون، ئەوانیش بەرەی (جوقد) و (جود)، کەوتینە گیانی یەکتر، دەڵێت " ئەوەی بەیەکتر کردمان، ڕووی مجلیس و گێڕانەوەی نیە".(مستەفا، 1988،ل33).

2 / نوسەر باسی لەهەوڵەکانی پاسۆك کردووە، لەکاتی دروستبوونی (بەرەی جود و بەرەی جوقد)، هەوڵیانداوە، بۆ کۆتایهێنان بەکرژی وستی و ئاڵوزییەکانی نێوان (ی.ن.ك،پ.د.ك)، دواییان لە سەرکردایەتی هەردوو بەرە کردووە، کورسی چوڵ لەهەردوولا دابنرێت، بۆ (ی.ن.ك، پ.د.ك)، ئەمەیش لەپێناو هەندێك ئامانجبوو لەوانە:-

أ/ بۆ هەتاهەتایە بەری شەڕی براکوژی دەگیرێ و هێزەکانی کوردایەتی یەکدەخرێت.

ب/ سەرەتاو زەمینەیەك دەبێت بۆ پێکهێنانی (بەرەی فراوانی عێراقی).

ت/ بەوەدا (حسك، پاسۆك ، ئیقلیم کوردستانی حشع) لەسەرێکەوە هاوکارو هاوپەیمانی (ی.ن.ك) دەبن لە (بەرەیەکی کوردستانی )دا ولەسەرێکی دیکەوە هاوکارو هاوپەیمانی (پ.د.ك) ن لەبەرەیەکی عێراقی (جود) دا هیچ لایەکیان نەهەست دەکەن ئەو لایەنانە پارسەنگی ئەون و نەهەستی گەلەکۆمەك و خانە گومانیشی دەمێنێ ، چاکترین شێوەو ڕێکەوتنە بەینەوەوبەرە بەرە بە تەواوی پێکهاتنەوەی ئەو دووتەرەفەش دەبێت.

پ/ لەوڕێیەوە ئیمکانی شکاندنی ئەڵقەی ناکۆکی (ی.ن.ك) و (ئێران) یش زیاتروچاتر دێتە پێشەوە .

ج/(ی.ن.ك ) لەو (بەرە)یەدا هێزێکی بەرچاو وکاریگەر دەبێت ،لەوانەیە ئەمە قەناعەتی پێبکات و لەدەست دانی دەورێکی کاریگەری بۆخۆی بەرچاوگرتووە نەسڵەمێتەوە.

3 / بەشێکی تری ئەم بابەتەی تەرخانکردووە، بۆ دەستپێشخەری (ی.ن.ك) خودی (مام جەلال)سکرتێری (ی.ن.ك) بۆ دروستکردنی بەرەی کوردستانی و دەنوسێت":ساڵی 1986 کەسەرەتای پێکهاتنەوەو تەبایی بەگشتی بەجدی و(عملی)، دوای بانگەوازو دەست پێشکەریی ( ی.ن.ك) وبەپیرەوەچوون و ئامادەگی لایەنەکانی دیکە ، لە نێوان هەموو هێزەکان دا بووە قۆناغێکی نوێی خەباتەکەمان ئەوجا لەنیسانی 1987 دا هەڤاڵ (مام جلال) سکرتێری گشتی "یەکێتی نیشتیمانی کوردستان" پێشنیاری دامەزراندنی (بەرەی کوردستانی) ، بەهەموو هێزەکوردستانیەکان کرد. هەر دەمو دەست هەموو هێزە سیاسییەکان بە پیر ئەو پێشنیارەوە و بانگەوازەوە چوون و بۆیەکەمین جار مەبدەئی بەرەی کوردستانی لەلایەن هەموو باڵەکانی کوردایەتیەوە سەلمێندرا و کەوتنە کاری جدی بۆکردنی " بۆئەومەبەستەش یەکەمجار نوێنەرانی سەرکردایەتی هەموو لایەنەکان لە ڕۆژی 18ی تەمموزی 1987دا کۆبونەوەو بڕیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانیاندا . ڕۆژی 30 ی هەمان مانگیش بەبەیانێك لەوبارەیەوە بڵاوکرایەوە کەتێیدا دەست نیشانی مەبەستەکانی بەرە کرابوو ، هەنگاوی دووەمیش کۆبونەوەکانی سەرەتای مانگی ئەیلولی 1987 بوو بۆداڕشتنی بەرنامەی (بەرە) "یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ":پرۆژەیەکی بەناوی(مشروع میثاق الجبهە الکردستانیە) بۆلێدوان وبڕیار لەسەردانی ئامادەکردبوو ، کەدواتر بووە بناغەی (مشروع میثاق الجبهە الکردستانیە ) ی ئەیلولی 1987 ، پاش لێدوان و ئاڵوگۆڕو تاووتوێکردنێکی ــبەڕای ئێمە ــ لەزۆرشوێندا بێ جێیی " مشروع ..... "کەی ( ی. ن .ك ) ی گەڵاڵە کراو بەرزکرایەوە بۆسەرکردایەتی حیزبەکان تا دوابڕیاری خۆیانی لەسەر بدەن و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاو سەرنجانەدا جارێکی دی دوا صیغەی دا بڕێژرێتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا ساڵێکی رەبەق پێکهێنانی (بەرە) دواکەوت، ئەگەر هەوڵ و پشو درێژی (ینك) و شەخسی کاك مسعود بارزانی نەبوایە لەوانەبوو، ئەو هەوڵانە هەر لەسەر لانك بتاسێنرێ. دواجار و پاش چەند کۆبوونەوەیەکی دوور و درێژ و ڕەدەڵ و بەدەڵێ بەیانی پێکهێنانی (بەرەی کوردستان عێراقی) لەسەرەتای مانگی ئایاری 1988دا، لە لایەن هێزەکانی کوردستان، پارتی سوسیالیستی کورد (پاسۆك)، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراقی، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سوسیالستی کوردستان/عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق ڕاگەیاند و پرۆگرام و پێڕەوی نێوخۆخشی بریاری لەسەر درا.

**سێیەم:** بەشێکی تری ئەم پەرتووکە، کۆمەڵێك بەڵگەنامەی لەخۆ گرتووە، کەتایبەت بەهەوڵەکانی سەرکردایەتی حیزبەکوردییەکان، لەپێکهێنانی بەرەی کوردستانی، کە خۆی لەنامەکانی نێوان سەرکردەکان دەبینێتەوە، نوسەر لەکاتی گێڕانەوەی چوێتی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی پشتی پێبەستووە و بەکارهێناوە (مستەفا، 1988، ل1ــ50).

## باسی دووەم: بەرەی کوردستان لەبیرەوەری ئازاد مستەفا.

سەبارەت بەبیرۆکەی دامەزراندنی، ئازاد مستەفا ئاماژە بەو دەکات کە "کاژیك لەسەرەتای کانوونی دووەمی 1975، بە بەیانێ و بەئاشکرا و ڕەسمی داوای لە پارتی دیموکراتی کوردستانو مەلا مستەفا بارزانی (بەرەیەکی کوردستانی) لە (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (کاژیك) و ئیقلمی کوردستانی "قیادەی مەرکەزی" (حیزبی شیوعی عێراقی)، بەرابەرێتی بارزانی(مەبەست لێی مستەفا بارزانییە) پێکبهێنرێت، چونکە هەر بەتەنیا (پ.د.ك) نیە بەشداریی شۆرش و خەباتی کوردایەتی بکات. ئەو دوو هێزە بەقەدر حاڵی خۆیان دەوریان لەشۆڕشدا هەیە، بۆ ئەو دەستپێشخەرییەی کاژیك،

بەداخەوە وەڵامی ئەو ڕۆژەی (پ.د.ك) لەڕێی دەزگای (پاراستن)ەوە، فەرمانی گرتن (تەعقیب و گرتنی) زیاد لەحەفتا کادرو ئەندامی دیاری کاژێکبوو"( مستەفا، بەبێ ساڵ، ل1_50). لەپەرتووکی ( ژیانی سیاسی لەباشوری کوردستان 1975_1991، سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالست و دروستبوونی حزبی سوسیالستی کوردستان)، کە لەبنەڕەتدا تێزێکی (ماستەر)بوو، پێشکەش بە بەشی مێژوو/ کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی کراوە، توێژەر دەنوسێت ": بیرۆکەی دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو، دەگەڕێتەوە بۆ پیشنیاری کاژێك لە ساڵی 1974)(عەبدولکریم، بەبێ ساڵ، ل184)، سەرەڕایی ئەمە لە پەرتوکی (پارتی سوسیالستی کورد_ پاسۆك 1975_1991)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسییە، پشتگیری لەبۆچوونی (ئازاد مستەفا) کردووە، پێی وایە بیرۆکەی دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو لەباشوری کوردستان بۆناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوی ( کۆمەڵەی ئازادیی و ژیانەوەی یەکێتی کورد _کاژێك 1959/4/14) پێشنیار کراوە بۆ سەرکردایەتی (پ.د.ك_ قیادەی مەرکەزی)( مستەفا، بەبێ ساڵ، ل20). هەربۆیە دەتوانین، مێژووی بیرۆکەی دامەزراندنی بیرۆکەی بەرەیەکی یەکگرتوو، کە پ لەسەرجەم پارت و ڕێکخراو وهێزەکانی باشوری کوردستان یکبێت، بۆ ساڵی 1974 دەگەرێتەوە، ڕێکخراوی کاژێك وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی، لەچوارچێوەی پرۆژەیەك خستە بەردەستی (مستەفا بارزانی، سەرۆکی ئەو کاتەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، قیادەی مەرکەزی/ حزبی شیوعی عێراق)، بەڵام بەهۆکاری ئامادەی نەبوونی سەرۆکی پارتی بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارەکەی ڕێکخراوی ( کۆمەڵەی ئازادیی و ژیانەوەی یەکێتی کورد _کاژێك 1959/4/14)، سەری نەگرت، ئازاد مستەفا لە پەرتووکی (کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی)، سەرنەگرتنی پێشنیارەکەی کاژێك، بە یەکێك لەهۆکارەکانی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول1961_1975 دادەنێت.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی 1975، قۆناغێکی تر لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە باشووری کوردستان سەریهەڵدا، کە تێدا چەندین پارت وڕێکخراو، دەرکەوتن، ئازاد مستەفا باس لەوە دەکات لە دوای دروستبوونی قۆناغێکی نوێ لەشۆڕشی باشوری کوردستان، کە بەقۆناغی فرەحزبی دادەنرێت، چەندین پارت و ڕێکخراو سەریهەڵدا، پاسۆك وەك یەکەمین ڕێکخراو، داوای دروستکردنی (بەرەی کوردستانی) کرد، لەهاوینی 1976دا، نوێنەرانی پاسۆك دوو جار لەشاری سلێمانی بەنوێنەرانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و (ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان) گەیشتن و لەسەر گەڵاڵەی بەرنامەی (بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی) کەوتنە گفتۆگۆ، هەر لەو کاتەدا لەگەڵ نوێنەرێکی (بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان) باس و خواست کراوە، دەقی پرۆژە گەڵاڵەکراوەکە خراوەتە بەردەستی نوێنەرانی (قیادەی مۆقتەی پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق)، لەناوچەی شارەزوور، بەڵام هیچی لێ سەوز نەبووە، کەس نەهاتە پێشەوە. پرۆژەکەی پاسۆك بە ئامانجی یەکگرتنی هەموو پارت و ڕێکخراوەکان بە دروشمی (تاملکەچیی یەکی نەخستووین با بۆ ئازادیی یەکبگرین) ( ئاڵای سووری کوردایەتی، 1981، ل6)، پرۆژەیەکی بە ناوی (بەرەیەکی هاوتا و یەکسان) خستە بەردەم ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکان، ئامانجی پاسۆك لە دروستکردنی ئەم بەرەیە بریتی بوو لە:

1_ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە، کە لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول دروستبووبوو.

2_ ڕێگەگرتن لە شەڕی براکوژیی.

3_ ڕێگەگرتن لە بانگەشەی پارتی پێشڕەوایەتیی(مستەفا، 1988، ل22_23).

4_ یەکخستنی هەموو هێز و پارتەکانی باشووری کوردستان، ڕێگەگرتن لە پەرتوبڵاوبوونیان.

5_ یەکخستنی ئامانج و ستراتیژی هەموو هێزە سیاسییەکان، بە مەبەستی بەدیهێنانی ڕزگاریی کورد و کوردستان.

6_ بەرە، ببێتە پاڵپشت و یارمەتیدەری خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە پارچە داگیرکراوەکانی تری کوردستان(ئاڵای سووری کوردایەتی،1981، ل35_39).

هەرچەندە، لە زۆرێك لە پەرتووکە مێژووییەکان، باس لەم هەوڵانەی پاسۆك نەکراوە، کە ئازاد مستەفا لەپەرتووکی (بەرەی کوردستان)، گۆڤاری(ئاڵای سوری کوردایەتی) تایبەتی بەچالاکییەکانی پاسۆك باسیان لێوەکردووە، بەڵام بەدەستکەوتنی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، کە لەپێنج لاپەڕە پێکهاتووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتی ناوەڕاستی نیسانی 1977،کە لەلایەن (ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان)، وەڵامی پاسۆك دراوەتەوە، تێدا هاتووە برادەرانی (پاسۆك)ی تێکۆشەر، سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم"ناردنی نامەکەتان نیشانەی ویستانە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوانماندا، وە ناوەرۆکی نامە تایبەتەکەتان دیاردەی هەنگاو هەڵهێناتانە، بەرەو پێش، ئێمەش دیسانەوە نامانەوێ، کە لەبیروباوەڕو ڕێبازتان بکۆڵینەوە چونکە دەمانخاتە ئاستێکی بێ سەروبەر، کارێکی ناهەموارە کە تەنها هێڵەکانی زۆرانبازی لەنێوانماندا بگرین و هێڵی یەکێتیمان فەراموش بکەین، هەربۆیە زیاتر دەمانەوێت سەرەپەتی و یەکێتی بگرین، وەك لەسەرەپەتی زۆرنبازی، ئەم قسەنەشمان ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بمانەوێت شت لەئێوەی بەڕێز بشارێتەوە چونکە ئێمەش و ئێوەش بەشێك لەجەماوەر دەزانێت هەربۆیەش پێشەکی چاوەڕێ ئەوەمان کرد کە ئەدەبیات و بیروڕاکانمان بەدەستتان بگات ئەوەش لەوە باوەر ڕاستەوەیە ناکرێت و نابێ خەڵکانێك کەخۆیان بەمارکسی لینین و شۆڕشگێڕ بزانن بیروڕای خۆیان لەجەماوەر بشارنەوە، بەلای ئێمەوە تەنها ئەو لایەنانە بیروڕای خۆیان لەجەماوەر دەشارنەوە کە دوو ڕوو هەلپەرستن و بەرژەوندی تایبەتی خۆیان لا مەبەستە و ئامانجە نەك بەرژەوندی گەل و نیشتیمان. برادەران: ئەوەی لا ئێمە گرنگ بێت لەم کاتەدا ئەوەیە کەبتوانرێت هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر هێڵێکی فراوان کۆبکرێتەوە، بۆ وەستاندن لەسەر لەدژی میری بەغدای شۆڤێنی ئەوچ لەسەر ڕیچکەی (تحالف) بێت لەنێوانیاندا یان لەڕێ کۆبونەوە بێت لەناو بەرەیەکی ستراتیجی یەکگرتوودا، هەر بۆیە زباتر لەم بارەوە دەدوێین و هەوڵدەدەین مەسەلەی بەدیهێنانی بەرەیەی نیشتیمانی یەکگرتوو باسی بنچینەی لێکۆڵینەوەکانمان بێت وە زیاتر بەگیانێکی برایانەوە بەدەنگی یەکترەوە بچین بەسنگی فراوانەوە رخنەو وپیشنیاری یەکتر قبول بکەین، لەئەنجامی لێکوڵینەوەمان لەسەر (بەرنامەکەتان) بۆپێکهێنانی بەرەیەکی میللی زۆر تێبین و ورەخنەمان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نامانەوێت دەرگای زۆرانبازی بێ سود بکەینەوە لەگەڵتان، ئەوەندە بەسە لەو بارانەوە کەبەرێزتان لێوە دواون، لابەلایی لە ئۆرگانی ڕێکخراوماندا (ڕەنجدەر) رای خۆمان دەربریوە بەئاشکرا، (بێ ئەوەی ناوی هیچ لایەنێك ببرێ) وە بەردەوامیش دەبین لەسەر زیاتر رونکردەوە وشیکردنەوە ئەو مەسەلانە گرنگانەی دەبین لەسەریان بنوسرێت تا وەکو جەماوەر لەهەمووشت بگات و تەنها خۆی حەکەم بێت و نەك چەند کەسێك بۆئەوەی وەك بەرێزتان دەڵێن(با سیاسەت لەبرجی عاجیبدا نەمینێتەوە"(نامەی کۆمەڵەی رەنجدەران بۆ پاسۆك، نیسانی 1977، بەڵگەنامەی ژمارە 1) هەروەها لەنامەکەدا نوسراوە لەناو هەموو ئاڵوزییەکانی، چەند سەرنجێکی هاوبەش لەناو بەرنامەکەتان بدۆزینەوە، ئەویش بریتین لە:

أ-دژایەتیکردنی میریی بەغدای شوڤێنی.

ب- کوردستانییەتی بەرەی نیشتیمانی.

ج- نەفرەتکردن لە خۆسەپاندن(نامەی کۆمەڵەی رەنجدەران بۆ پاسۆك، نیسانی 1977، بەڵگەنامەی ژمارە 2).

کۆمەڵە، چەندین مەرج دانا بۆ بەشداریکردن لەو بەرەیەی کە پاسۆك داوای دروستکردنی دەکرد، کە لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان پێك بێت، ئەوانیش بریتیبوون لە:

**یەکەم//** زەمینە خۆش بکرێ بۆ بەشداریکردنی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، هەموو لایەنەکان مافی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی تایبەتیی خۆیان هەبێت، لەژێر سەرکردایەتیی هاوبەشدا.بڕوای تەواوی بە جەنگی گەلیی درێژخایەن هەبێت، گرنگی بە جەنگی پارتیزانی بدرێت.

**سێیەم//** هەوڵی تەواو بدرێت، ڕێڕەوی پشت بەخۆبەستن قووڵ بکرێتەوە و پرسی شۆڕش بەتەواوی دووربخرێتەوە لە ململانێی دەوڵەتان، پێویستە لە شۆڕش فاکتەری خودی بەهێزکەین و فاکتەری دەرەوە لاوازکەین، لەجیاتی خۆبەستنەوە بە ململانێی دەوڵەتان پێویستە خۆبەستینەوە بە پارت و لایەنە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و تورك و فارس، هەروەها پەیوەندیی تەواو هەبێت لەنێوان بەرەو سەرکردایەتیی شۆڕش لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران و سوریا.

**چوارەم//** بڕوای بە هۆشیارکردنەوەی جەماوەری جووتیاران هەبێت و خەبات بکەین بۆ هاندان و ڕاپەڕاندنی جووتیاران، کە بڕبڕەی پشتی شۆڕشن لە دژی دەرەبەگایەتی، نەهێڵرێت دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتەکان شۆڕش پێشێل بکەن بۆ زیاتر چەوساندنەوەی جووتیاران.

**پێنجەم//** هەوڵبدرێت ناکۆکییە لاوەکییەکان لە کوردستاندا نەتەقێنەوە، بەڵام پێویستە بە ڕێگای هۆشیارکردنەوەی جەماوەر ئەو لایەنانە ڕسوا بکرێن، کە لەوەوپێش پەیوەندیی گومانلێکراویان هەبووە.( نامەی کۆمەڵەی رەنجدەران بۆ پاسۆك، نیسانی 1977، بەڵگەنامەی ژمارە1) ، بەڵام بەهۆی ئەوەی نوێنەرانی (کۆمەڵە) مەرجی بەشداریکردنی شۆڕشی چەکداریی دادەنێن بۆ نوێنەرانی پاسۆك، ماوەی یەك هەفتەش بۆ وەڵامدانەوەی پاسۆك دادەنرێت، پاسۆك ڕازیی نابێ بەو مەرجە و نایەوێت بەشداریی لە شۆڕشی چەکداریی بکات(فەقێ، 2018، ل139_145، قادر،2013، ل195_196).

هەوڵەکانی پاسۆك لەوکاتەدا سەرناگرێت، دەربارەی هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی پاسۆك لەهەوڵەکانی ئازاد مستەفا لە لاپەڕە23دا دەڵێت" ئیتر دوای دروستبوونی دەستە چکداریەکان بەرەبەرە بازوو ئەستووربونەوەی هێزی بەرگری و پێشمەرگایەتی و پەلەو هەمووان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سەرساحەکە پاش هەرەس، ودیسانەوە گەشانەوەی ناکۆکی و حیساباتی کۆن و چەندین پێکداکەوتن و دەست چوونە گیانی یەکدی و (بەداخەوە)گەرە لاوێژی ئەو ڕۆژانە، نەك هەر مەسەلەو باسی (بەرە) پێچراپەوە بەڵکو ئاستی هەرەکەم و دامێنی هاوکاریش لەگەڵ یەکدی دا، ڕێی پەیدابوونی نەما، لەبری (یەکێتی) و (یەکگرتن) و (یەکخستنی) هێزەکانی کوردایەتی لە(بەرە) یەکدا، زەمانەی ئاگری شەڕی براکوژی و جیهادی ناموقەدەسی یەکدی برینەوە بووە سیما هەرە دیاریی شۆرشە نوێیەکەمان".(مستەفا، بە بێ ساڵ، ل23). پاشان بەهۆکاری جیاوازی هزری و هەوڵدان بۆ سەپاندی هێز لەلایەن پارت و ڕێکخراوەکانەوە لەباشووری کوردستان لە لاپەرە 24 دەڵێت ": لەکۆتایی ساڵی 1980دا (پاش نێزیکەی ساڵێ، ساڵ ونیوی) گفت وگۆو کار بۆ دروستکردنی دووبەرەی جیاوازی عێراقی (جوقد[4]) و (جود[5]) پێکهاتن و بەرەکەیان کرد!.. لە ڕاستی دا پێك هاتنی ئەو دوو بەرە عێراقییە ئەوەندەی دیکە پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکانی سەر گۆرەپانی کوردستانی ئاڵوزتر و گرژتر کردو ئیاکانی (بەرەی کوردستانی) هەر بەجارێ لەناوبرد. (مستەفا، 1988، ل23_27).

لە دوای دروستبوونی (بەرەی جود و جوقد) پاسۆك لەنێوان ساڵانی 1980_1984 چەندین جار پێشنیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانی کردووە، بەڵام بەهۆی کێشە و گرفت و ململانێ و زۆرانبازی نێوانیان، هیچ لەپێشنیارەکانی پاسۆك بەهەند وەرنەگیراون، کاری جدییان لەسەر نەکراوە(مستەفا، 1988، ل32)، ئازاد مستەفا هەوڵەکانی پاسۆکی لەپێنا چەندین ئامانجی نەتەوەیی و نیشتیمانی وەسفکردووە و هەندێك لە ئامانجەکان بریتیبووە لە:

أ/ بۆ هەتاهەتایە بەری شەڕی براکوژی دەگیرێ و هێزەکانی کوردایەتی یەکدەخرێت.

ب/ سەرەتاو زەمینەیەك دەبێت بۆ پێکهێنانی (بەرەی فراوانی عێراقی).

ت/ بەوەدا (حسك، پاسۆك ، حشع) لەسەرێکەوە هاوکارو هاوپەیمانی (یەکێتی ) دەبن لە (بەرەیەکی کوردستانی )دا ولەسەرێکی دیکەوە هاوکارو هاوپەیمانی (پارتی ) ن لەبەرەیەکی عێراقی (جود) دا هیچ لایەکیان نەهەست دەکەن ئەو لایەنانە پارسەنگی ئەون و نەهەستی گەلەکۆمەك و خانە گومانیشی دەمێنێ ، چاکترین شێوەو ڕێکەوتنە بەینەوەوبەرە بەرە بە تەواوی پێکهاتنەوەی ئەو دوو لایەن دەبێت.

پ/ لەوڕێیەوە توانای شکاندنی ئەڵقەی ناکۆکی (یەکێتی) و (ئێران) یش زیاتروچاتر دێتە پێشەوە .

ج/(یەکێتی ) لەو (بەرە)یەدا هێزێکی بەرچاو وکاریگەر دەبێت ،لەوانەیە ئەمە قەناعەتی پێبکات و لەدەست دانی دەورێکی کاریگەری بۆخۆی بەرچاوگرتووە نەسڵەمێتەوە(مستەفا، 1988، ل25_35).

هەرچەندە جگە لەپەرتووکی (پارتی سوسیالستی کورد_ پاسۆك 1975_1991)، زۆرێك لەو بیرەوەرانەی کە لەلایەن سەرکردە یان پێشمەرگەکانی پارت و ڕێکخراوەکانی تر نوسراونەتەوە، لەکاتی باس کردنی دروستبوونی بەرەی (جود)، (جوقد)، باس لەهەوڵەکانی پاسۆك نەکراوە، وەك لەوەی ئازاد مەستەفا باسی لێوەکردوە(ئیسماعیل، 2002)، (نەجمەدین، 1997)، (نەجمەدین، 2013 )، (ڕێباز، 2008)، (ڕەسوڵ، 1991)، (ڕەسول، 1992)، (فاتح: 199)، (چاوڕەش، 2014)، (ئەمین، 1999)، (ئەمین، 1997)، ( ئەمین، 1998)، (ڕەسوڵ، بەبێ ساڵ)، (مەحموود، بەبێ ساڵ)، (مەحموود، بەبێ ساڵ)، ( شاکەلی،2011)، (سەنگاویی، 2004). ئازاد مستەفا دروستبوونی (بەرەی کوردستانی)، بە بانگەشەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هەوڵەکانی (مام جەلال) دەزانێت، لەم بارەیەوە دەنوسێت (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) لەسەرەتای ساڵی 1984وە گفتوگۆی لەگەڵ بەعسییەکان دا ئاشکرا کرد، بەمە جارێکی دی تۆماری بەرەی کوردستانی پێچرایەوە ... تا ساڵی 1986 کە سەرەتای پێکهیاتنەوە و تەبایی گشتی بەجیددی و کردار، پاش بانگەواز و دەستپێشکەریی (ی.ن.ك) و بەپیرەوەچوون وئامادەیی لایەنەکانی دیکە، قۆناغێکی نوێ خەبات دەستپێیێکرد. دواتر لە نیسانی 1987دا، جەلال تاڵەبانی وەك سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پێشنیاری دامەزراندنی (بەرەی کوردستانی)، بەهەموو هێزە کوردستانییەکانی کرد. هێزە سیاسیەکان هەر زوو بەپیر ئەو پێشنیارە و بانگەوازەو چوون و بۆ یەکەمین جار بنەماکانی بەرەی کوردستانی لە لای هەموو لایەنەکان قبوڵ کرا و نوێنەری سەرکردایەتی هەموو لایەنەکان لە ڕۆژی 18ی تەمموزی 1987دا کۆبوونەوە و بڕیاری بەرەی کوردستانیان دا. ڕۆژی 30ی هەمان مانگیش بە بەیانێك لەو بارەیەوە بڵاوکرایەوە کە تێیدا ئامانج و مەبەستەکانی بەرە دەستنیشان کرا، هەنگاوی دووەمیش کۆبوونەوەکانی سەرەتای مانگی ئەیلولی 1987 بۆ دارشتنی بەرنامەی (بەرە) (مستەفا، 1988، ل32-

33). هەروەها بە پێی ڕاپۆرتێکی (پاسۆك) هۆکاری دواکەوتنی بەرەی کوردستانی لە کاتی خویدا دەخەنە ڕوو، لە نامەکەدا هاتووە:" (بەرەی کوردستانی) ئێمە یازدە ساڵ لەمەوە بەر ئیشمان بۆ کردووە و بانگەشەمان بۆ هەڵداوە و ئەوەی بە ئێمە کرابێت کردوومانە. زۆرینەی لایەنە سیاسییی کوردستانی یەکان _ جا بۆ هەرشتێ و لە بەر هەر شتێ بێ _کەم و زۆر درکیان بە گرنگێتی ئەم لایەنە کردووە، بە تایبەتی برادەرانی (ی.ن.ك) زۆر بە بە پەرۆشن، ئەوە ئێمە هیچ و برادەرانی سۆسیالست ((حسك)) ئەوانیش ئامادەن و پارتی گەل (جەماعەتی کاك سامی) هەروا تر... ماوەتەوە سەر برایانی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق،، بە دەم و اعلام ڕاستەوخۆ و ((ضمنا)) پێ یان چاکە ... جا لەوانەیە بپرسن ئەرێ لە سەر چی وەستاوە؟!! بە کورتیەکە: هۆی سەرەکی دواکەوتنی ((پارتییە)) ... هەرچەندە پارتی .. وەك لە بروسکەکەی کاك مسعود هاتووە بە دەم حازرن، بەڵام بە کردار ئەگەر نەشیلێین حازر نین و زۆر پەلەیان نیە"( ڕاپۆرتی ژمارە (ف)، 1987، بەڵگەنامەی ژمارە 2).

سەبارەت بەهەوڵەکانی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، هاوشێوەی ئازاد مستەفا، کەریم ئەحمەد لەپەرتووکی (ڕێرەوی تێکۆشان) ئاماژە بەو دەکات، ئاشتبوونەوەی گشتی و بانگەوازی یەکێتی نیشتیمانی بۆ دروستکردنی بەرە، هۆکاربوو بۆ دامەزراندتی بەرەی کوردستانی، هەر چەندە سەددام بەردەوام هەوڵیدەدا، دووبەرەکی لەنێوان سەرکردایەتی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشوردا دروستبکات(دەباغ، 2007، ل314)، هەروەها (سامی عبدالرحمان)، بانگەوازی (جەلال تاڵەبانی)، بەپیرەوە چوونی لایەنەکان بەهۆکاری دامەزراندنی (بەرەی کوردستانی)دادەنێت(راپۆرتی کۆنگرەی دووەمی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، 1990، ل124 )، برایم جەلال، لە پەرتووکی (چەپکێك لە بیرەوەری)، لە لاپەڕە490، هەمان بۆچونی (ئازاد مستەفا)ی هەیە، دەربارەی دامەزراندنی (بەرە). سەرەرای ئەوەی هەندێك لەگوڤارەکان، کە لەو سەردەمەدا دەرچوون، دامەزرانی بەرەی کوردستانی بەشێوەی کردارەکی بۆ بانگەوازی(جەلال تاڵەبانی) دەگەڕێننەوە(ڕیبازی نوێی، 1987، ل1_3)، (ڕزگاریی، 1987، ل9)، (بەیاننامەی کۆبوونەوە نیشتیمانییەکان دەربارەی جەبهە لە کوردستانی عێراقدا، 1987، ل1). هەروەها ژمارەیەك لە سەرکردەکان لەنوسینی بیرەوەرییەکاندا، بەرەی کوردستانی بۆ هەوڵەکانی یەکێیی و بانگەوازی (جەلال تاڵەبانی) دەزانن(ڕەسوڵ، 199)، (چاوڕەش، 2014)، (ئەمین، 1999)، ( مەحموود، بەبێ ساڵ)، (شاکەلی، 2011)، (سەنگاویی، 2004). وێرای چەندین سەرچاوەی ئەکادیی بە پشتبەستن بەمیتۆدی زانستی نوسراوهن، پاڵپشتی لەم نوسینانەی ئازاد مستەفا دەکەن، دەربارەی چونێتی دامەزراندنی بەرە( سمایل، 2010، ل69)، (نێرەوەیی، 2008، ل533)؛ (عەبدولکەریم، بەبێ ساڵ، ل185)، (فەقێ، 2018، ل178-181).

ئازاد مستەفا بۆ پاڵپشتی لەنوسینەکانی کۆمەڵێك بەڵگەنامە، دەهێنێتەوە، کەزیاتر بریتین لە نامەی (جەلال تاڵەبانی) بۆ هەریەکە لە:

1_مەسعود بارزانی- پارتی دیموکراتی کوردستان.

2_ ڕەسول مامەند- حیزبی سوسیالستی کوردستان.

3_ ئازاد مستەفا- پارتی سوسیالستی کورد_ پاسۆك

4_سامی عەبدولڕەحمان- پارتی گەلی کوردستان[6].

پاشانیش وەڵامی هەریەکە لە ( مسعود بارزانی لە 1987/4/30)، (ڕەسول مامەند)، (ئازاد مستەفا لە1987/4/24)، (مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی گەلی کوردستان)، بۆ (جەلال تاڵەبانی)، وەك بەڵگەنامە لەپەرتووکی بەرەی کوردستانی دانراوە[7].

## ئەنجام:

**یەکەم:** پەرتوکێکی بەرەی کوردستان، بەشێوەیەکە گشتی باس لەرووداوە سیاسییەکانی ساڵانی 1980_1988 دەکات، نوسەر چەندین پرسی گرنگی باس لێوە کردووە، ململانێی نێوان حیزبەکانی باشوری کوردستانی، بەهۆکار زانیوە بۆ دواکەوتنی بەرەی کوردستانی. نوسەر هەوڵیداوە بە شێوەیەکی ڕاست ڕووداوەکان تۆمار بکات و بیگێڕێتەوە.

**دووەم:** بیرۆکەی دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو کە پێکبێت لە سەرجە لایەن و حزبەکان لەباشوری کوردستان، بۆ (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد_کاژیك) دەگەڕێتەوە، کە لە کۆتایی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی 1974، پێشکەش لایەنەکانی کردووە.

**سێیەم:** پارتی سوسیالسیتی کورد_پاسۆك، لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕی نوێدا لە ساڵی 1975پرۆژەی بەرەی کوردستانی لەژێر ناوی (بەرەیەکی هاوتای یەکسان)، دەخاتە بەردەم سەرجەم لایەن و هێزەکان، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی لایەنەکان و دەستپێکردنی خەباتی چەکداری، پرۆژەی پاسۆك بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بی ئەنجام بوو، نەتوانرا لەو کاتەدا پێکبهێنرێت.

**چوارەم:** بانگەوازی (جەلال تاڵەبانی) سکرتێڕی گشتی (یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان) بۆ لە یەك نزیکبوونەوەی سەرجەم لایەنەکان لەساڵی 1986، دەربڕینی ئامادەی لایەنەکان و پێشوازیکردن لە بانگەوازەکە، بەرەی کوردستان لەساڵانی 1987_1989 دامەزرا، بەئامانجی یەکخستنی سەرجەم هێزو لایەنەکان، بەمەبەستی دژایەتیکردنی حکومەتی عێراق.

## پەراوێزەکان

[1]کۆمەڵەی ئازادیی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد (کاژیك)، وەك کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی لە 14/نیسان/1959 لە باشووری کوردستان لە شاری سلێمانی لەلایەن هەر یەکە لە (جەمال نەبەز، کامیل ژیر، ئەحمەد هەردی، عەبدوڵڵا جەوهەر، ئیحسان فوئاد، فەرەیدوون عەلی ئەمین، فایەق عارف)، بە دروشمی (کوردستان بۆ کورد... یەکسانیی بۆ گەل) دامەزرا، دامەزێنەرەکانی زیاتر کە زیاتر ئەدیب و شاعیربوون ، ئامانجیشی سەربەخۆیی کوردستان بووە، بەڵام بەدرێژایی مێژووی ئەم کۆمەڵەیە نەیتوانیوە ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت، چالاکییەکانی زیاتر لە شاری سلێمانی قەتیس ماوە، بەشێوەیەکی زۆر نهێنی کاریان کردووە، نەیتوانیوە هیچ کۆنگرەیەك ببەستێت، پەیکەرێکی ڕێکخستنی دیاری هەبێت، هەوڵی داوە لەناو ڕێکخستنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) هاوبیر بۆ خۆیان بەدەست بێنن، دوای جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی لە مستەفا بارزانی، هاوبیرانی کاژیك دژی باڵی مەکتەبی سیاسیی دەبنە لایەنگری مستەفا بارزانی. وەرگیراوە لە// (فەقێ، 2018)؛ (نەبەز، 1999، ل5_20)؛ (نەبەز، 2015، ل4_40)؛ (نەبەز، 2015، ل30_90)؛ ( دەرویش، 2013، ل8 _11)؛ (نەبەز، 2002، ل138)، (ئەمین، 2006).

[2] بەهۆی سستیی ڕێکخستنەکان و نەمانی پەیوەندیی نێوان هاوبیرانی کاژیك و نەبوونی هیچ مەرجێکی حزبی لە کاژیکدا، نەبەستنی کۆنگرە بەدرێژایی مێژووی کاژیك، نەبوونی سەرکردایەتییەکی چالاك، کە توانای بەدیهێنانی ئامانجی کاژیك بکات بە ئەرکی خۆی، ڕەخنەگرتن لە کاژیکنامە بەوەی نەتوانراوە بەشێوەیەکی تازە بنووسرێتەوە، بەڵکوو

سوودی لە بیری (پان عەرەبیزم) و نووسینەکانی (ساطع الحصری و عبدالله عبدالدائم، میشێل عەفلەق، بۆچوونی (عەرەبە ناصری)یەکان و نووسینەکانی هیتلەر لە کتێبی کفاحی) وەرگرتووە، سەرئەنجام ساڵی 1973 بزووتنەوەیەکی گەنج لەناو کاژێکدا سەریهەڵدا، بەئامانجی دووبارە چالاککردنەوەی ڕێکخستنەکانی کاژێك و سەربەخۆییکردنی ڕێکخستنەکانی و بەستنی کۆنگرە، هێنانی خەڵکی تازە بۆ ناو ڕێکخستنەکانی کاژێك.شێرکۆ هەژار، کە سەرکردایەتیی ئەو گروپە گەنجەی دەکرد، سەبارەت بە چۆنێتیی سەرهەڵدانی ئەو گرووپە دەڵێت: "سەرەتای هەوڵەکانی من لەگەڵ (عوسمان ڕەشید) لە سەرەتای ساڵی 1973 دەستی پێ کرد، چونکە کاژێك هیچ چالاکییەکی سیاسیی و ڕێکخستنی نەمابوو، سەرەڕای ئەوەی زۆرێك لە سەرکردایەتیی کاژێك وازیان هێنابوو"، ئەو گرووپە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵە لەو قۆناغە خنکێنەرە و دوورەپەرێزیی و داخراوەیی بگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵەیەکی کراوەی خاوەن هەڵوێست لە ڕووداوەکان، بۆ ئەوەی بێترس و دوودڵی پەیامی کاژێك و فەلسەفەکەی بە ڕوون و ئاشکرا بۆ جەماوەری کوردستان بنێرێت.  ئەم گرووپەش پێك هاتبوو لە: (شێرکۆ هەژار، عوسمان ڕەشید، (محەمەد مستەفا)، ئەحمەد سەلام، فەرهاد عەبدولقادر، مامۆستا حەمەسەعید) ، لە شەوی 7-8/ شوبات/ 1974، لە ماڵی (محەمەد مستەفا) لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە، چەندین بابەت باسیان لێوەکرا، کە زیاتر ڕەخنەگرتن بوو لە سەرکردایەتیی کۆنی کاژێك، هەروەها چەندین بڕیاری تێدا دەرکرا، ئەوانیش بریتی بوون لە:

1- ئەم شەش کەسە ناوی (سەرکردایەتیی کاتی)ی کاژێك لەخۆدەنێت تا بەستنی کۆنگرە.

2- پێویستە لە نزیکترین کاتدا، واتە لە کۆتایی ساڵی 1974 و سەرەتای 1975 کۆنگرە ببەسترێت، هەموو شتێ لە کۆنگرە بڕیاری لێ بدرێت.

3- دەبێ ڕێکخستنەکان بەردەوام بێت تا بەستنی کۆنگرە، دابەش بکرێت بۆ دوو خەت، هەموو شتێکیان پێ بگوترێت و ئامادە بکرێن بۆ کۆنگرە.

4-هەوڵ بدرێت ڕێکخستنەکان چالاك بکرێنەوە، خەڵکی تازە بۆ ڕێکخستنەکان ڕابکێشرێ.

5- پێویستە چەندین بەڵگە و ڕاپۆرتی کۆنگرە و پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و پێداویستییەکان کۆنگرە ئامادە بکرێت.

6-دەبێ بەوپەڕی نهێنی کار بۆ ئەم بڕیارانە بکرێت، تا بەستنی کۆنگرە کەس نەزانێ. ناوی نهێنی بۆ ئەندامانی سەرکردایەتیی کاتیی دانرا.لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاردرا بەشداریی شۆڕش بکرێت لە دژی حکومەتی بەعس، جگە لە حەمەسەعید لەشاردا بۆ کاروباری ڕێکخستنەکان بمێنێتەوە. (وەرگیراوە لە// (فەقێ، 2018، ل66-67)

[3] هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و جینۆسایدکردنی کورد لەلایەن حکومەتی بەعس لەلایەکەوە، نەمانی ڕێکخستنەکانی کاژێك لەلایەکی ترەوە پاڵنەری سەرەکیی بوون بۆ دروستبوونی پارتی سۆشیالستی کورد-پاسۆك لە 11/ئەیلول/1975 لە شاری کەرکووك، ئەم پارتەش وەك پارتێکی نەتەوەیی لەسەر ڕێچکەی کاژێك بە دروشمی (کوردستانێکی سەربەخۆ... گەلێکی یەکسان) لەلایەن هەریەکە لە (محەمەد مستەفا- ئازاد مستەفا، فەرهاد عەبدولقادر و شێرزاد فاتیح)هوە دامەزرا، دامەزرێنەرەکانیش لە بنەڕەتدا کاژێك بوون. پاسۆك تا ساڵی 1991 نەیتوانیوە هیچ کۆنگرەیەك ببەستێت، هەرچەندە کەسی یەکەم لە پارتەکەدا هەبووە وەك (ئازد مستەفا 1980-1987، ئەحمەد هەردی 1988)، بەڵام ئەم پارتەش هاوشێوەی کاژێك سکرتێری نەبووە، بەڵکوو سەرکردایەتیی بەکۆمەڵی پەیڕەو کردووە. ئەوەی لە مێژووی ئەم پارتە زیاتر بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە زیاتر وەك ڕەوتێکی هزریی دەرکەوتووە.ستراتیژی پاسۆك بریتی بووە لە (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان)، ئامانجی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی بووە. بەتایبەتی لەسەر ئەو پارچە زەوییەی دەکەوێتە نێوان هێڵی پانیی (29 -40 پلەی سەروو) و هێڵی درێژیی (27 -50 پلەی ڕۆژهەڵات)، هەموو دەسەڵاتێکی بێگانە بەسەر کوردەوە ڕەت دەکاتەوە، لەم پێناوەدا چەندین دروشمی هەبووە، وەك: (کوردستان تەنها موڵکی کوردە. پێش ئەوەی هەر شتێك بین، دەبێ کورد بین. مرۆڤایەتیی کورد، کوردایەتییە). هەرچەندە لە قۆناغێکدا بڕوای بە ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری کوردستان بووە، وەك تاکتیکێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، کە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بووە.پارتی سۆشیالستی کورد- پاسۆك، لەسەرەتاوە بڕیار دەدات بۆ ماوەی 10 ساڵ بەشێوەیەکی نهێنی خەبات لە شارەکاندا دژی ڕژێمی بەعس بکات، بەڵام لە ئەنجامی ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی لە ساڵی 1977 یەکەم مەفرەزەی پاسۆك دەڕواتە شاخ، وەك پارتێکی سەربەخۆ چەندین چالاکیی سیاسیی و سەربازیی دژی ڕژێمی بەعسی عێراقی ئەنجام دەدات، زۆربەی چالاکییەکانی پاسۆك لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەبێت. لە ساڵی 1976 پاسۆك پرۆژەیەکی بە ناوی (بەرەیەکی هاوتا و یەکسان) بە دروشمی (تا ملکەچیی یەکی نەخستووین با بۆ ئازادیی یەك بگرین) خستە بەردەم پارت و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان، بەڵام بە هۆی ئامادەنەبوونی لایەنەکان هەوڵەکانی سەری نەگرت، پاش ئاشتبوونەوەی گشتی نێوان پارتەکان زەمینەی بەرەی کوردستانیی هاتە کایەوە، پاسۆك لەپێناو بەدیهێنانی بەرەی کوردستانیدا هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆی خستەگەڕ.دوای دروستبوونی بەرەی (جوقد) و (جود)، پاسۆك نابێتە ئەندام لە هیچ بەرەیەکیاندا، بەڵام لە ئەنجامی تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بە ئامانجی پاراستنی ڕیزەکانی لە مایسی 1982دا دەبێتە ئەندام لە بەرەی (جود)، سیاسەتی لە بەرەی (جود)یش زۆر بێلایەن دەبێت. تا ڕادەیەکی زۆریش لەنێو بەرەی جوددا پاریزگاریی لە هەڵوێستی سەربەخۆی خۆی دەکات، واتە پاسۆك تەنها بەناو لەگەڵ بەرەی (جود)دا بووە. دوای بانگەشەی پرۆسەی ئاشتبوونەوە لەلایەن یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، لە ئەنجامی چەندین هۆکار، پاسۆك وەك دووەمین پارت لە ڕێکەوتی (10 -12/مایس/1986) لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئاشت دەبێتەوە، کۆتایی بە هەموو کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان دێنێت. هەروەها چەندین جار هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی نێوان پارتەکانی باشووری کوردستانی داوە. هەرچەندە پاسۆك چەندین جار پرۆژەی بۆ ئاشتبوونەوەی نێوان لایەنەکان پێشکەش کردبوو، بەڵام هیچ کام لە پرۆژەکانی سەری نەگرت، چونکە پاسۆك بە بەراورد بە هێزەکانی تری ئەو کاتەی باشووری کوردستان هێزێکی بچووك بووە، لە ڕووی ئەندام و ژمارەی پێشمەرگەوە، ئەمەش وایکردووە چالاکیی سەربازییان کەمتر بێت. کاریگەرییشیان بەپێی پێویست نەبێ. وەرگیراوە لە: (فەقێ، 2018، ل50_70).

[4] بەری جوقد: سوریا لە کۆتایی تشرینی یەکەمی1980هوە، دەستی کردبوو بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بۆ ئەم مەبەستەش کۆبوونەوەی لەگەڵ ئێراندا کردبوو، بە ئامانجی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عێراقی. لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی هێزە بەرهەڵستکارە عێراقییەکان لە لایەکەوە و هەوڵەکانی سوریا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عێراقی لەلایەکی ترەوە، زەمینە خۆشکەربوو بۆ دروستبوونی بەرەی یەکگرتوو لەنێوان هێزە ئۆپۆزسیونە عێراقییەکان. (نەوشیروان مستەفا) لەم بارەیەوە دەنووسێت: "لە دوای گفتوگۆ لەنێوان سەرانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و لەنێوان لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لە لایەکەوە و کاربەدەستانی سوریا و لیبیا و فەلەستینی لەلایەکی ترەوە، سەرئەنجام بە ڕێککەوتنێك کۆتایی هات، کە (الجبهە الوگنیە القومیە الدیمقراگیە/ جوقد)ی پێك هێنا." لایەنە بەشداربووەکانی ئەم بەرەیە بریتی بوون لە: (ڕێکخراوی سوپای ڕزگاریخوازیی گەلی عێراق، حشع، یەکێتی، حسیك، حزبی بەعسی

سەرکردایەتیی هەرێمی عێراق، بزاڤی سوشیالستی عەرەبی، پارتی سوشیالستی عێراق و دیموکراسییە سەربەخۆکان.شەوی 12ی/ تشرینی دووەمی/1980 ڕادیۆی دیمەشق هەواڵی دامەزراندنی (جوقد)ی ڕاگەیاند، هەریەکە لە (حازم ئەلحوسەینی بە نوێنەرایەتیی بەعس و جەلال تاڵەبانی بە نوێنەرایەتیی یەکێتی و عەبدولڕەزاق صافی بە نوێنەرایەتیی (حشع) وتاریان خوێندەوە. ئامانجی ئەم بەرەیە ڕووخاندنی ڕژێمی عێراقی و دامەزاندنی حکومەتێکی دیموکراسی بوو، پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری کوردستان و گرێدانی بزووتنەوەی نیشتیمانی بە بزووتنەوەی عەرەبییەوە بوو. جەلال تاڵەبانی سەبارەت بە چۆنێتی پەیڕەو ، پرۆگرامی (جوقد)، ئاماژە بە چەند خاڵێك دەكات، گرنگترینیان بریتییە لە:

1-بەرەی (جوقد) دەبێ لەسەر بناغەیەکی ڕاست و تۆکمە بێت، لە بەرانبەر هەموو ئەگەرێك، خۆڕاگربێت.

2-بەرنامە و پرۆگرامی (جوقد) دەبێ روون و ئاشکرا بێت و ئامانج و ئەرکە گرنگەکانی شۆڕشی نیشتیمانی و دیموکراتی بگرێتەوە.

3-جگە لە هێزە نیشتیمانیی و دیموکرات و سۆسیالست و شیوعییەکان، دەبێت هەموو ئەو لایانانە بگرێتەوە، کە جوغزی نیشتمانی لە ناوخۆی گرتوون، لەگەڵ ئەمەشدا کۆکردنەوەی هەموو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نییە بە چاك و خراپەوە، بەڵکوو ئامانجی یەکخستنی هێزەکانی گەلی عێراقە دژی دوژمنەکانیان بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزمەوە.

4-دەبێ مافی گەلی کوردستان زیاتر بکرێت لەوەی لە (توع) باس کراوە، هەڵوێست و بۆچوونەکانی (توع) دەربارەی پرسە گرنگەکانی عێراق و کوردستان گەشەی پێ بدرێت و سەربەخۆیی بوونی بزووتنەوەی نیشتیمانیی عێراقی و بەرەی نیشتیمانی بسەلمێندرێت. وەرگیراوە لە : (فەقێ، 2018، ل139-145)؛ ( سمایل، 2010، ل 18_23).

[5] بەرەی جود: شانزە ڕۆژ دوای دروستبوونی بەرەی (جوقد)، بەرەی (الجبهە الوطنیە الدیمقراطیە/ جود) لە 1980/11/28 لە ناوچەی (ڕاژان) پێك هێنرا، لەنێوان هەریەکە لە (شیوعی و پارتی و حسك) ، پاش دوو ساڵ لە دروستبوونی بەرەی (جود)، (پاسۆك) لە مایسی 1982 بوو بە ئەندام لەم بەرەیەدا. دروشمی بەرەی (جود) دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بوو بۆ کورد، ئامانجەکانی بەرەی جود بریتی بوون لە:

1-ڕووخاندنی حکومەتی بەعس لە عێراق، دامەزراندنی حکومەتێکی هاوبەشی و نیشتیمانی، کە پێك بێت لە هەموو حیزب و هێزە تێکۆشەرەکانی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، ئازادکردنی گیراوە سیاسییەکان و سەربەستکردنی چالاکیی سیاسیی و پیشەیی.

2-چارەسەرکردنی پرسی کورد بەشێوەیەکی دیموکراسییانە، لەسەر بنچینەی دانان بە مافی نەتەوەیی کورد و کەمایەتییەکان.

3-سەرلەنوێ هێزە چەکدارەکان (سوپا و پۆلیس) دابمەزرێتەوە، بۆ ئەوەی لەڕووی پێکهاتن و ئەرکەکانییانەوە دەزگایەکی دیموکراتی بۆ دڵسۆزیی نیشتیمان بن، لەو دەزگایانەدا کەسانی کۆنەپەرست و شۆڤێنی لابرێت و لە جێگەیاندا کەسانی دڵسۆز و لێهاتوو دابنرێ.

4-هاوکاریکردن لەگەڵ شۆڕشی ئێران دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکایی و زایۆنیزم و پاشماوەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی، لەپێناوی پتەوکردنی سەربەخۆیی ئێران و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی و هێنانەدی داخوازییە ڕەواکانی هەموو گەل و نەتەوەکانی گەلی ئێران.

5-پەیڕەکردنی سیاسەتی سەربەخۆ لە پەیوەندییە دەرکییەکاندا، کە خزمەت بە پرسە نیشتیمانییەکان بکات، لەگەڵ چەند پرسێکی گرنگی تردا. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (بەرەی جود) بروانە// (قادر، 2009، ل155)، ( محمد، 1985، ص83)، (بانیخێلانی، 2014، ل368). (مەحموود، بەبێ ساڵ، ل19).

[6] بۆ زانیاری دەربارەی نامەکە بروانە: ئازاد مستەفا: بەرەی .... ل87.

[7] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەڕکی نامەکان بروانە : ه،س، ل 88-95.

## لیستی سەرچاوەکان:

### بەڵگەنامەکان:


نامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بۆ پاسۆك، (لەناوەڕاستی نیسانی 1977)، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ناوەڕۆکی نامەکە بروانە/ بەڵگەنامەی ژمارە (1) لەپاشکۆی بەڵگەنامەکان.


### پەرتوکەکان:

#### یەکەم: بەزمانی کوردی


مستەفا، ئازاد، (بەبێ ساڵ)،کورتە باسێکی بەرەی کوردستان، ب،چ، دەزگای چاپەمەنی شەهید فەرهاد:سوید.

قادر، ئەحمەد حامد، (2013)، بیرەوەرییەکانم، 1947– 2012، 65 ساڵ تەمەن لە نێو کاروانی خەباتگێڕاندا، چ1: سلێمانی.

بانیخێلانی، ئەحمەد، (2014)، بیرەوەرییەکانم، چ2، چاپخانەی کارۆ.

ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز، (2002)، ڕۆژانی سەخت، بەرگی یەکەم، چ1، چاپخانەی مەکتەبی ڕاگەیاندن.

جەلال، ئیبراهیم، (بەبێ ساڵ)، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، چ3، چاپخانەی چوارچرا.

نەجمەدین، پشکۆ، (1997)، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، وەڵامێك بۆ نەوشیروان مستەفا، چ1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی: هەولێر.

نەبەز، جەمال، (1999)، ڕۆژانی ئاوارەییم لە سویسرا، چ1، چاپخانەی داناز، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ: سلێمانی.

نەبەز، جەمال، (2015)، باسنامە، ل4_40.؛ جەمال نەبەز، پێشخان و پاشخانەکانی کاژێك، کۆبەرهەم، 13:سلێمانی.

نەبەز، جەمال، (2002)، بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری قەومییەتی (ڕۆژهەڵاتی) و نە بیری (ناسیونالیزم)ی ڕۆژئاواییە، چ2: لەندەن (بەریتانیا).

ڕێباز، (2008)، قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەکەم و دووەم، چ2، چاپخانەی پەیوەند: سلێمانی.

فەقێ، زانا، (2018)، پارتی سوسیالستی کورد_پاسۆك، 1975_1991، چ1.

عەبدولکریم، سەلام، (بەبێ ساڵ)، چ1، چاپخانەی چوارچرا.

عبدالرحمان، سامی، (1990)، سەرەرای سەختی کاروان بەرەوپێش دەچێت، ڕاپۆرتی کۆنگرەی دووەمی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان.

تەتەر ،عەلی (2008)، ئیرەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵانی جەنگی عێراق و ئێراندا (1980 – 1988)، چ1، چاپخانەی حاجی هاشم: هەولێر.

ڕەسوڵ، فاتح، (2014)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووخەباتی گەلی کورد، چ1، بەرگی سێیەم، سوید، 199. مستەفا چاوڕەش: یادەورییەکان، چ1، چاپخانەی سەردەم: سلێمانی.

ڕەسوڵ، فاتح، (1992)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، ڕووداو و بەڵگەنامە (1980–1981)، بەرگی دووەم، چ1: سوید.

ڕەسوڵ، فاتح، (1991)، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی کوردمان 1979، بەرگی یەکەم، چاپخانەی هەڵەبجە.

ڕەسوڵ، فاتح، لە کاروانێکی دوورودرێژدا، ستۆکهۆڵم.

ئەمین،کاوە، (2006)، ناسیۆنالیزمی کورد- خەبات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بەراوردێك لەنێوان سێ پارتدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس: هەولێر.

ئەحمەد،کەریم، (2007)، ڕێڕەوی تێکۆشان، و/ جەلال دەباغ: سلێمانی.

سەنگاویی، مەحموود، (2004)، بیرەوەرییەکانی سەنگاو، بێ چاپ، چاپخانەی تیشک: سلێمانی.

بارزانی، مەسعود، (بەبێ ساڵ)، بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد، بەرگی یەکەم 1931_1958.

مەحموود، محەممەد حاجی، (بەبێ ساڵ)، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك (1982 – 1986)، بەرگی دووەم، بێ چاپ و شوێنی چاپ.

مەحموود، محەممەد حاجی، (بەبێ ساڵ)، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك (1987 – 1991)، بەرگی سێیەم، بێ چاپ و شوێنی چاپ.

مەحموود، محەممەد حاجی، (بەبێ ساڵ)، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، ب2، 1982_1986.

قادر محەممەد مەلا، (2009)، سەربردە کورتەیەك لە بیرەوەرییەکان، چ1، لە بڵاوکراوەکانی ئاراس: هەولێر.

شاکەلی، محمد، (2011)، لە بزووتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان 1976 – 1993، ب،چ، چاپخانەی کارۆ: کەرکووك.

عبدالخالق، مسعود، (2012)، ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان، ڕەوتیان- ئایدۆلۆژییان- هەڵسەنگاندنیان، چ1، چاپخانەی هێڤی.

2پشکۆ، نەجمەدین، (2013)، ئەزموون و یاد، بەرگی یەکەم و دووەم، چ4، چاپخانەی چوارچرا: سلێمانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، (1998)، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق (1979 – 1983)، چ2.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، (1999)، خوولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی (1984—1988)، چاپ وبڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، (1997)، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕەی ناو زەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ( 1979 – 1982).

## دووەم: بەزمانی عەرەبی

محمد عزيز، (بدون السنة)، تقرير اللجنه المركزيه الى المؤتمر الوكنى الرابع للحزب الشيوعى العراقى، اقره المؤتمر (10_15) تشرين الپانى 1985، منشورات الاعلام المركزى للحزب الشيوعى العراقى.

شريف، عبدالستار طاهر، (1989)، الجمعيات والمنجهات والاحزاب الكرديه فى نصف قرن 1908- 1958، شركه المعرفه للنشر والتوزيع: بغداد.

## نامە زانکۆییەکان:

سمایل، سروە قادر، (2010)، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستانی عێراق (1980 _1990)، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی ماستەر، 2010، زانکۆی کۆیە، بڵاونەکراوە.

## گوڤار و ڕۆژنامەکان: بەزمانی کوردی:

ئاڵای سووری کوردایەتی، (1981)، یەکێتیی ڕیزەکانمان تاکە زامنی سەرکەوتنە، ژ(9)، تشرینی یەکەم.

ئاڵای سووری کوردایەتی، (1981)، شادەماری سەرەتاییەکانمان، ژ(6)، تەمموز.

ئاڵای سووری کوردایەتی، (1981)، جاش و کۆیلەکان، ژ(9)، تشرینی یەکەم.

دەرویش، جەلال حاجی، (2013)، عەبدولڵا جەوهەر کێیە، ڕۆڤار، ژ(74)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ئایار.

ریبازی نوێی، (1987)، ژ(4)، نیسان.

ڕۆژنامەی رزگاریی، (1987)، ژ(21__23) ئاب

بەیاننامەی کۆبوونەوە نیشتیمانییەکان دەربارەی جەبهە لە کوردستانی عێراقدا،(1987)، 30ی تەممۆزی 1987.

هاوبیر، (2002)، دیدارێك لەگەڵ مولازم مەنسووردا، ژ (2).

## گوڤار و ڕۆژنامەکان: بەزمانی عەرەبی:

من افكار الحزب، جريده نوروز، عدد(10)، السنه الاولى، اب 1992.

چاوپێکەوتنەکان:

مستەفا، بێستۆن ئازاد ، (2021)، پەیوەندی تەلەفۆنی، 25/کانوونی دووەم.

## بەڵگەنامەکان:

نامەی ڕێکخراوی ڕەنجدەران بۆ پاسۆك، (1977)، ناوەڕاستی مانگی 4.

ڕاپۆرتی ژمارە (ف)ی ڕۆژی 1987/6/17 بۆ هاوبیرانی ل.ف. سلێمانی تێکۆشەر

نامەی ڕێکخراوی ڕەنجدەران بۆ پاسۆك، (1977)، ناوەڕاستی مانگی 4.

بەڵگەنامەی ژمارە(1)


برادەرانی (پاسۆك)ی تێکۆشەر

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

نارد نوسراوەکەتان نیشانەی ویستتانە بۆ بەستنی پەیوەندی لە نێوانماندا ، وەناوەرۆکی نامە تایبەتیەکەتان دەربارەی هەنگاو هەڵهێنانتانە بەرەوپێش ، ئێمەش دیسانەوە نامانەوێ کە لە بیروباوەڕو ڕێبازتان بکۆڵینەوە چونکە دەمانخاتە دەوەن بەئاشتیکی بێ سەروبەر . [illegible]

بکاتەوە لە بیوەک بەڕێز شتی بشارینەوە وە چونکە
ئێوەشمان بە بەشێک لە جەماوەر دەزانین هەر بۆیەش پێشەکی جادەرەی ئێمە
گرو کە ئەدەبیات و بیروڕاکانمان بە دەستتان بگات ئەوەشمان لەو باوەڕەدا ڕاستەوەیە
ئەنابێت وناگرێت خەڵکانێ کە خۆیان بە مارکسی لینینی و شۆڕشگێڕ بزانن بیروڕا
خۆیان لە جەماوەر بشارنەوە ، وە بەلای ئێمەوە تەنها ئەولایەنانە بیروڕای
خۆیان لە جەماوەری گەل دەشارنەوە کە دوو ڕوو و هەلپەرستن و بەرژەوەندی
تایبەتی خۆیان بەلاوە مەبەستە و ئامانجە نەک بەرژەوەندی گەل و نیشتمان .

برادەران: ئەوەی لای ئێمە گرنگ بێت لەم کاتەدا ئەوەیە کە بتوانرێت
هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر هێڵێکی فراوان کۆبکرێنەوە،
بۆ وەستاندن لەدژی میری بەغدای شۆڤێنی ئەوە ج لەسەر ڕێبچکەی (الحالف)
بێت لە نێوانیاندا یان لە ڕێی کۆبونەوە بێت لەناو بەرەیەکی ستراتیژی یەکگر
هەربۆیە زیاتر لەو بارەوە دەدوێین و هەوڵدەدەین مەسەلەی بەدی هێنانی
بەرەی نیشتمانی یەکگرتو باسی بنچینەیی لێکۆلینەوەکانمان بێت وە زیاتر بە
گیانێکی برایانەوە بەدەنگی یەکترەوە بچین و بە سنگێکی فراوانەوە ڕەخنەو پێشنیازی
یەکتر لەبەر چاو کەین .

لە ئەنجامی لێکۆلینەوەمان لەسەر (بەرنامەکەتان) بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی میللی
زۆر تێبینی و ڕەخنەمان هەیە لەگەڵ ئەوەشدا نامانەوێ دەرگای زۆرانبازیە
بێ سوود بکەینەوە لەگەڵتان ، ئەوەندە بەسە بڵێین لەو بارانەوەی کە بەڕێز
لەسەری دواون لابەلایی لە ئۆرگانی ڕێکخراوماندا (ڕەنجدەر) ڕای خۆمانمان دەر
بە ئاشکرا (بێ ئەوەی ناوی هیچ لایەنێک ببرێ) وە بەردەوامیشمان دەبێ لەسەر
زیاتر ڕونکردنەوەو شیکردنەوەی ئەو مەسەلە گرنگانەی کە دەبێت لەسەریان
بنوسرێ تاوەکو جەماوەر لەهەموو شتێ بگات و تەنها خۆی حەکەم بێت نەک
چەندکەسێک بۆ ئەوەی وەک بەڕێزتان دەڵێن (باسیاسەت لەبرجی عاجیدا
نەفیسێتەوە) وە لامانا ئاشکرایە کە تەنها ئەوانە لە جەماوەر دەترسن کە بەردەم
شتێ دەڵێن وە شتێکی پێچەوانەو ترسناکی تریان لەژێر سەردایە ، بەلام
ڕێکخراومان کە لە ژانەکانی جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان لەدایک بووە
لە ئەنجامی پێویستی گەشەکردنی مەوزوعیەوە هاتۆتە کایەوە نەمان ویستوە و
نامانەوێ بیروڕاکانمان لە جەماوەر بشارینەوە یاخو خوانەخواستە بە
زۆر بمانەوێ ڕای خۆمان بەسەر لایەنە سیاسیەکانی تردا بسەپێنین
بەلکو ئێمە جەماوەر بە مامۆستاو حەکەم دەزانین و هەر لەوانیشەوە فێری
شتی ڕاست دەبین و بێ ئەوانیش هیچ نرخێکمان نیە .

←

برادەران: ڕاستە بەدی هێنانی پارتی پێشڕەوی ڕەنجدەران ئامانجمانە ،
بەلام ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە بەبێ بەدی هێنانی ئەو پارتە پێشڕەوە سەرکەوتنی
شۆڕشی جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان مەحاڵە ، بەلای ئێمەوە جەنگێک کاتێک
دەبێتە جەنگێکی گەلی و سەرکەوتنی مسۆگەر دەکرێت کە هەرسێ فەرجە بنچینەییەکان
بە (پارتی پێشڕەو ، بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو ، سوپای شۆڕشگێڕ) بەدەست بهێنرێت ،
کەواتە خەبات کردن ومەوج گرتنمان بۆ بەدی هێنانی پارتی پێشڕەوی ڕەنجدەرانی
کوردستان ئەوە ناگەیەنێت کە ڕێکخراومان خۆی بە شۆڕە سواری بێهاوتای
گۆڕەپانەکە بزانێ هەر بۆیە دوورین لەبیری چەوتی خۆسەپاندن و دژیشی
دەوەستینەوە .

برادەران: لەسەر لایەنە شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەرەکانە کە بە جاڕی دەست
نیشانی قۆناغە مێژووییە کە و جۆرو سروشتی ناکۆکیەکان بکەن تا بتوانن تەکتیک
و ستراتیژی داببڕێژن ، دۆستاو دوژمن جیابکەنەوە هەروەها دۆستی
کاتی و دۆستی ستراتیژی دەستنیشان بکەین چونکە لەو ڕێگایانەوە دەتوانرێ
گوڕوو سەرەکیەکەی خەبات ئامادە بکرێ و بگوردرێت و بەکاربهێنرێت بەپێی زروف
لە پێناوی بەرژەوەندی گەل .

برادەران: لەناو هەموو ئالۆزیەک و پاکانە هێنانەوەیەک بۆ هەندێ لایەنی
کە جەماوەر دەفێکە دڵی لێیان گرمێ بووە توانیمان چەند سەرەپوێنێکی هاوبەشی لە [illegible]
نێوانماندا بدۆزینەوە لەناو بەرنامەکەتان :-

* دژایەتی کردنی میری بەغدای شۆڤێنی .
* کوردستانیەتی بەرەی نیشتمانی .
* نەفرەت کردن لە خۆسەپاندن .

ئێمە وا بیر ئەکەینەوە کە هەر لایەنێکی لە کوردستاندا دژی میری بەغدا بوەستێت
ناکۆکی سانەوی هەیە لەگەڵماندا وە هەردەم هەوڵ بۆ ومان دەدەین کە بەرێگای
جەماوەریانە ئەو ناکۆکیە سانەویانە بەرەو تەقینەوە نەڕوا ، بەلام دیارە ئەمەش ئەوە
ناگەیەنێت کە هیچ جۆرە زۆرانبازیەکی فیکری یان لەگەڵدا نەکەین تا بەهەمووەسی خۆی
تەرایێن بکەنا لە گۆڕەپانەکەدا وە چاوبەستی لە جەماوەر بکەن بە تایبەتی ئەولایەنانەی
کە دەوری گومان لێکراوی گەورەیان هەبووە لە هەرەسی هێنانەکەی ١٩٧٥
ئەوەشمان دەع بە هۆی دەوریان لە پێ شێل کردنی عاملی زاتی یان بەهۆی
دەوریان لە گەندەڵ کردنی شۆڕشمان بەهۆی بەستنەوەی ڕاستەوخۆی بە دەرگەلای
ئیمپریالزمی ئەمەریکی و شای ئێران ، وە لەسەر ئێوەی نیشتمانپەروەرمان
پێویستە کە دەنگتان لە گەل دەنگمان جووت کەن لەو بارەیەوە (دوور کەوینەوە
لە حەساسیەت و قینەبەرایەتی) نا ئەو گومان لێکراوانە دیسانەوە بەنیازی
توندتر و کارەساتێکی جەرگ بڕو خوێناوی تر نەدەن بە جەماوەری کوردستان
وە ئێمەش لە دوایدا کالەک بە ئەزنۆ ئەشکێنین و هەزارویەک پاکانە بۆ

* دژی ناکۆکیە سەرەکیە کە خەبات بکات لە بەعسی شۆڤێنی یە .

* هێرشی چەکداری بە هیچ جۆرێک نەکاتە سەر ڕێکخراوەکان و لایەنە پێشکەوتن خوازە نیشتمانیە کانی تر .

* هیچ شتێک بەزۆر لە جەماوەر نەمێنێت بەڵکو ڕێگای دیموکراسیانە و قەناعەت بگرێتە ئەستۆ بۆ ئەوە ببەستە .

بەلام بەرەی یەکگرتوو کە بڕوایان پێیەتی و خەباتی بۆ ئەکەین کە بەرەیەکی ستراتیژی بێت ، لە زۆر کاتدا (لە ژمارەی سەرەتای ڕەنجدەریشدا دەستنیشان کراون) بەم خاڵە گشتیانەی خۆمان دەربڕیوە کە دەبێت لایەنە سیاسیەکان لەبەرچاوی گرن .

١- زەمینە خۆش بکرێ بۆ : . بەشداری کردنی هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ، هەموو لایەنەکان مافی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی تایبەتی خۆیان هەبێت ، مافی گەشەپێدانی جەماوەرانیان هەبێت لە ژێر سەرکردایەتی هاوبەشدا ، هاریکاری لە نێوان هەمووان خۆش بکرێ بۆ ئەوەی گیانی زۆرلێبازی جەوهەری دروستکەر گەشەی پێ بدرێ لە پێناوی جەماوەری گەلدا ( بەمانا پەیڕەوی ڕێبازی یەکێتی دا زۆرلێبازی (الوحدة والصراع) بکرێ لەناو بەرەکەدا .

٢- بڕوای تەواوی بە جەنگی گەلی درێژخایەن هەبێت ، دەبێت لەم کاتەدا خۆ لە جەنگی قورسی دوور بخاتەوە وەگرنگی بە جەنگی پارتیزانی بدرێت

٣- هەوڵی تەواو بدرێت کە پەیڕەوی پشت بەخۆ بەستن قووڵ بکرێتەوە وە مەسەلەی شۆڕشەکەمان بە تەواوی دوور خەینەوە لە ناو باوەشی ململانێی دەوڵەتانا ، بەمانا پێویستە عامیلی زاتی بەهێز کەین و عامیلی دەرەوە لاواز کەین لە کارتێکردن لە شۆڕشەکەمان ، لە جیاتی خۆبەستنەوە بە ململانێی دەوڵەتان پێویستە خۆ ببەستینەوە بە پارت و لایەنە سیاسیە پێشکەوتن خوازەکانی عەرەب و تورک و فارس ، هەروەها دەبێت هاریکاری و پەیوەندی تەواو هەبێت لە نێوان بەرەو سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسیە پێشکەوتن خوازەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران و سوریا .

٤- بڕوای بە هۆشمەندکردنەوەی جەماوەری جوتیاران هەبێت و خەبات بکەین بۆ هاندان و ڕاپەڕاندنی جوتیاران کە بڕبڕەی پشتی شۆڕشن لە دژی دەرەبەگایەتی وە نەهێڵێت کە دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتەکان شۆڕش ئیستغلال بکەن بۆ زیاتر چەوساندنەوەی جوتیاران

٥- هەوڵ بدرێت کە ناکۆکیە مسالەویەکان لە کوردستاندا نەتەقێتەوە ، بەلام پێویستە بە ڕێگای هۆشمەند کردنەوەی جەماوەر ئەو لایەنانە ڕسوا بکرێت کە لەوەپێشا پەیوەندی گومان لێکراویان هەبوو

٦- هەموو جۆرە پەیوەندیەکی دەرەوە و دەوڵی پێویستە لە سنووری ڕێبازی بەرەکەدا بێت و دوور بێت لە پەیوەندی تاکە لایەنێک ، هەروەها دەبێت هەرچ یارمەتیەکی کە لە دەرەوە دێت پێویستە لایەنێک ئیستغلالی نەکات بۆ بەهێزی خۆی بەڵکو دەبێت هەموو لایەنەکانی سەر بەبەرەکە لێی لە و یارمەتیە و پیتاکە وەرگرن بۆ گەشەکردن و بەهێزکردنی خۆیانا .

ئەو خاڵانە بەلای ئێمەوە مەرجی سەرەکین بۆ بەشداری کردنی لە بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوی ستراتیژیدا ، هیوادارین بەڕێزتان بە باشی لە و بیروڕایانەمان بکۆڵنەوە تا بتوانین بەیەکەوە چەند خاڵێکی یەکانگیرو هاوبەشی تر لە نێوانماندا بدۆزینەوە وە زیاتر لە یەک نزیک ببینەوە .

سەرکەوتن و سەربەرزی بۆ شۆڕشی پیرۆزی جەماوەری کوردستان
مردن و سەرشۆڕی بۆ بەعسی یە شۆڤێنیەکان و کۆنەپەرستان

سەرکردایەتی
ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان
ناوەڕاستی / ٤ / ١٩٧٧

بەڵگەنامەی ژمارە(2)



کوردستانێکی ئازاد — کۆمەڵگەیەکی یەکسان

پارتی سۆسیالیستی کورد

مەکتەبی ڕێکخستن

ژمارە / ف

ڕۆژ / ١٩/٦/١٩٨٧

بۆ / هاوڕێیانی ی.ن.ک. سلێمانی

سڵاوی ئازادی و یەکسانی ... بە هیوای خۆشی و سەرکەوتنتانین.

نامەکەی ژمارە (ف) ی ڕۆژی (١٧/٦/١٩٨٧) تان گەیشت: